
KURDISTAN FILM FUND
پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن

پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن

پڕۆژە شایستەکان لەلایەن دەستەی دادوەری سندوقی فیلمی کوردستانەوە هەڵدەسەنگێندرێن کە پێکهاتووە لە پێنج کەسایەتی پیشەیی نێودەوڵەتیی بواری فیلم. هەر پڕۆژەیەک بە شێوەی سەربەخۆ هەڵدەسەنگێندرێت بەر لەوەی لە کۆتا کۆبوونەوەی مانگی تەمموز گفتوگۆی لەسەر بکرێت.

پڕۆژەکان بەپێی ئەم پێوەرانەی خوارەوە هەڵدەسەنگێندرێن:

ڕەسەنایەتی و کوالیتی هونەری

هێز، ڕەسەنایەتی، دیدگا، گێڕانەوەی چیرۆک، و توانای گشتیی هونەری پڕۆژەکە.

ئاستی پابەندیی بەرهەمهێنەر

بەڵگەی بەشداریی بەرهەمهێنەر، ئامادەیی، و توانای لە بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە.

کاری پێشووتری دەرهێنەر

ئەزموونی پێشینەی هونەریی و پیشەیی دەرهێنەر. (گەر گونجا)

توانای دروستکردنی بەرهەم لە ڕووی دارایییەوە

گونجاندن و بەجێیی بودجە، نەخشەی دارایی و توانای گشتی لە تەواوکردنی پڕۆژە.

توانای بڵاوبوونەوە

توانای پڕۆژەکە بۆ گەیشتن بە بینەر لە ڕێی فیستیڤاڵ، بڵاوکردنەوەی سینەمایی، پەخشکردن، پلاتفۆرمەکان، بازاڕەکان، یاخود ئامرازی دیکەی بڵاوکردنەوە.

پەیوەندی ماناداری کوردی

پەیوەندی ماناداری پڕۆژەکە بە شوناس، کلتوور، زمان، کۆمەڵگە، یاخود گێڕانەوەی کوردی لە ڕێی فیلمسازی، چیرۆک، یان خودی پڕۆژەکە.

هەمەڕەنگی و یەکسان

سەرنجێکی تایبەت دەدرێت بەو پڕۆژانەی هەمەڕەنگی و یەکسانی لە هەردوو تیمی سەرەکی بەرهەم یاخود تیمی جێبەجێکار/تیمی تەکنیکی نیشان دەدەن.

پرۆسەی هەڵبژاردن

تەنیا ئەو پرۆژانەی بە شێوەی سەرکەوتوو قۆناغەکانی کارگێڕی، شایستەیی، و پێداچوونەوەی پەیوەندی کلتووریی کوردی تێدەپەڕێنن دەچنە بەردەم دەستەی دادوەری بۆ هەڵسەنگاندن.

ئاستی یەکەم - پێداچوونەوەیی شایستەیی لەلاین تیمی سندوقی فیلمی کوردستان

تیمی سندوقی فیلمی کوردستان پێداچوونەوە بۆ هەموو داواکارییە پێشکەشکراوەکان دەکات تا دووپاتی بکاتەوە داواکارییەکان بێ کەم و کوڕین و پابەندن بە مەرجەکانی ڕێکاری و شایستەیی سندووقی فیلمەوە. تەنیا داواکارییە شایستەکان دەگەنە قۆناغی دواتر.

ئاستی دووەم - هەڵسەنگاندنی پەیوەندی کلتووریی کوردی

پرۆژە شایستەکان لانی کەم لەلایەن دوو کەسی پیشەیی بە ئەزموونی دانپێدانراو لە کلتووری کوردیدا هەڵدەسەنگێندرێن بۆ دڵنیایی لەوەی پرۆژەکە پەیوەندییەکی مانادار نیشاندەدات بە شوناس، کلتوور، زمان، کۆمەڵگە یان گێڕانەوەی کوردی.

ئاستی سێیەم - هەڵسەنگاندنی دەستەی دادوەری و کۆتا پاڵاوتن

ئەو پرۆژانەی بە سەرکەوتوویی قۆناغەکانی پێشووتر دەبڕن لەلایەن دەستەی دادوەرییەوە هەڵدەسەنگێندرێن کە لە پێنج ئەندامی نێودەوڵەتی پێک دێت. هەڵسەنگاندن بەپێی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی سندوقی فیلمی کوردستان دەبێت. ئەندامانی دەستەی دادوەری سەرەتا بە شێوەی سەربەخۆ هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژەکان دەکەن بەر لە کۆبوونەوەی کۆتایی، هەڵبژاردن، و دیاریکردنی بڕی خەڵاتکراو.

تێبینی گرنگ: هەبوونی مەرجەکان دڵنیایی پاڵاوتنی کۆتای پاڵپشتی ناکات. سندوقی فیلمی کوردستان سندوقێکی کێبرکێییە و هەڵبژاردنی کۆتایی پشت دەبەستێت بە بەراوردی هەڵسەنگاندن لە نێوان پرۆژە شایستەکان لە هەر سوڕێکی پاڵپشتیدا.

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND